# ئەو نووسەرانەی لەسەر موزیکی هەورامانیان نووسیوە

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

نوێ بوونەوەی ئاواز و گـۆرانی بە تایبـەتی فـۆلکلۆر بەبێ دەسکاری ئەوە گیـانی ئەو نەتەوەیە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، چونکە نوێکردنەوەی گۆرانی، نابێت لە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و کولتووری بێگانەدا بێت، گۆرانی وڵات، بە تایبەتی دەڤەری هەورامان ئەو کاریگەرییانە وەرناگـرێت و نابێـتـە دەسندەخـۆری وڵاتان، چونکە لە سـەرچاوە و زێدی خـۆی ئۆقـرەی گـرتووە. خـۆ ئەگـەر کاریگەری هەبێت، ئەوە بێ گومان ئەو ئاواز و گۆرانییانە فۆرم و ماکی وڵاتانی دیکەیان تێکەڵاو دەبێت، بۆیە زۆر گـرنگە بایەخ بە فـۆلکلۆری خـۆمـان بدەین، چونکە هەر فـۆلکلۆر ئەو (مـاک فـۆر)ـە، بە ڕاسـتـیـودروسـتـی دەهێـڵـێـتـەوە، بۆیە گـەڕان بە دوای ئەو سامانەدا ئەرکی هەمـوو نووسـەر و مـوزیکژەنێکی نیـشـتـمانپـەروەری ئەم وڵاتەیە، من لەگـەڵ ئەوەدام نوێخـوازی هەبێت بۆ ئەوەی هونەر و ئاوازی گـۆرانی وڵاتی ئێـمـەش لە کـاروانی ڕۆشنبـیـری جـیـهـان لاتەریک نەبێت، بەڵام دەبێت لە خۆمانەوە، واتە: لە فەرهەنگ و هونەری ڕەسەنی خۆمان لانەدەین، لە بوونی خـــۆمـــانەوە هەنگاو بۆ هونەری داهاتووی وڵات بنێین.

«لە دەوروبەری کـــرمـــانشـــانیش کـــە دەچی بەرەو (نەوســود) لەوێ تا دەگـاتە هەورامـان، لەو نزیکانەدا مـــوزیک بەدەست لێنەدراوی مـــاوەتەوە، هەرچەندە هەندێکیـان کـاریان لەسـەرکـراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردستـان داگیرکراوە، بۆیە هەمیشە ئاواتم نەهاتووەتە دی لەوەی بتـوانم دێ بەدێی کـوردسـتـان بگەڕێم و ئەو شـتـانە کۆ بکەمـەوە و لە دەنگخـۆشـانی وەربگرمـەوە، لەوانەیە پیـاوێکی تەمـەن هەشتـا سـاڵ ئەو فـۆلکلۆرە



**جەمیل نەوسوودی**

خاوێنەی سینە بە سینە هەڵگرتبێ و کە مرد بفەوتێ، لە هەورامـانـەوە کـە دەچی بەرەو سنە لەویش فـۆلکلۆری زۆرە...» (١٥).

بیرو بۆچوونەکانی ئەم هونەرمەندە بە ئاماژەیەکی ڕەوا و ڕاستـەقـینە هەڵدەسـەنگێنم، چەندان جـار لەداو و دەزگاکانی باشووری وڵات بانگەوازم کردووە لە گۆڤاری (ڕامـــان) و (شکار) و (چلاواز) و (کـــەلەپوور) و ڕۆژنامەی بیر و هزری هونەر...تاد، بۆ ئەوەی دەزگایەک هەبێت، بتوانێ مشـووری فـۆلکلۆرمـان بخـوات، بەڵام وەک پێویست بە هانامەوە نەهاتوون.

«بەداخـــــەوە، لە زۆر ئاهەنـگ و بۆنـەدا دەبـیـنـم گۆرانیبێژانی کورد گۆرانی عەرەبی دەخوێنن، ئەمە برینی کولاندمەوە و دیاردەیەکی ناخۆشە» (١٦).

ئەم دیاردەیە لەناو وڵاتی ئێـمـەدا بووە بە باو، هەر گـوندێکی وڵات، یان هەر مـاڵێکی گـوندنشین بچین چەندان ئاواز و موزیکگەلی ڕەسەنی خۆمانی تێدا بەدی دەکرێت، کەچی ئێـستـا هونەرمەندان ڕوویان کردووەتە وڵاتانی دەرودراوسێ بۆ تۆمار و ڤیـدیۆ کلیپی گۆرانی، ئەوە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە زیانێکی گەورە بە سەروەت و سامانمان دەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا ئەوان داگـیـرکـەری وڵاتن، ئیـدی چۆن دڵسـۆز دەبن بۆ هونەرمەندی ئێمە؟ لە بازێڕ و تۆمارگاکانی ئەو وڵاتانەی کە هونەرمەندان گۆرانی لێ تۆمار دەکەن، یەک کاسێتی هونەری ئێمەی تێدا بەدی ناکرێت، بەلامەوە زۆر سەیرە ئەم دیاردە چەواشەکارییە پەرپەوەتەوە لای گۆرانیبێژان و هونەرمەندان، خۆ ئەگەر بیری نەتەوەیی کەم نەکەن، ئەوە زیادیشی ناکەن، بۆیە لە هەمان کاتدا مۆرک و فۆرمی ئەو وڵاتانە بەسەر هونەری وڵاتی ئێمەدا زاڵ دەبێت.

ئەو هونەرەی لە هەوراماندا هەیە، یان بووە، زەمینەی لەباری تایبەتی خۆی هەبووە. «ناوی سیاوچەمانە، یان سیاجامانە، پێوەندی بەو ناوچانەوە هەیە، کە هەورامانی پێ دەوترێ و بەو خەڵکەوە کە لەوێ هەن، کە ئاشنان لەگەڵیدا و خۆراکی ڕۆژانەی ڕوحیانە» (١٧)، ئەوانەی خەڵکی هەورامانن، بە هەورامی دەدوێن، زۆربەیان ئاشنایەتییان لەگەڵ سیاچەمانەدا هەیە، ئەگەر نووسەر و هونەرمەندان تەماشای جوگرافیای کوردستان بکەن، بەرچاویان دەکەوێت کە هەورامان، ناو جەرگەی کوردستانی گرتووە، ئەو ئاواز چڕانە، یان ئەو سرووش ڤاچانە، حاڵی خۆیان و بە نەزمی خۆیان دوعا و پاڕانەوە لە یەزدانی مەزن دەکەن. «بەلای خەڵکی هەورامانەوە! گۆرانی، بە سیاوچەمانە نانووسرێ واتە: ناوتری (گۆرانیی سیاوچەمانە....» (١٩).

خۆم ئەم بیروبۆچوونەی (د. محەمەد ئەمین هەورامانی)م زۆر لەلاپەسەندە، چونکە سیاوچەمانە سروودی ئایینی زەردەشتە، ئەوە موگانی دینی فەرمووییانە و لە ئاهورامەزدا پاڕاونەتەوە، بە تایبەتی پیرانی هەورامان کە نەوەد و نۆیان زۆر بەکاروباری ئایینییەوە پەیوەست بوون، گۆرانی وتن شتێکی دیکەیە، واتە ئاوازی زۆر جۆری هەیە و گۆرانی شێخانە، کە هونەرمەندان عوسمان کێمنەیی و حەمە حسین کێمنەیی لەو بوارەشدا ڕچەشکێنن، هەروەک چۆن سیاچەمانە دەچڕن، بەو شێوەیە گۆرانی پیران، یان شێخانەش دەچڕن.

«سرووش واچ، وشەی سرووش، واتای دوعا و لێ پاڕانەوە دەدات، لە ڤەندیداتدا ئەو وشەیە، بەو جۆرە هاتووە و بەو جۆرە واتا دەگەیەنێت، ئەوجا سرووش ڤاچ دەبێ کێ بێ» (٢٠)، کاتی خۆی لە ئایینی زەردەشتدا،

نزا و پاڕانەوە، بە تایبەتی لەکاتی نوێژکردندا، بۆ ئەوانەی گوێ لە سرووش واچ دەگرن، تەنیا دەست بەرزدەکەنەوە و دەڵێن: گیرابی، گیرابی، بەواتای دیکە (ئامین) دێت، هەروەها ئەوانەی کە سرووش ڤاچن، دەبێ دەنگیان شیاوبێ، نابێ بەدەنگی ناخۆش سرووش ڤاچ دوعا بخوێنێ. ئەوەش لە کاتی (یەزن)دا ئەو سرووش واچانە بە زۆری دەرکەوتوون، (ڤاچ)، یان ڤەچ ڕیشەی سەرەکییە: (بێژە،گوتە، واتە، وا چەواچ، دەئاخەڤی).

«ئەوەی دەبێ بوترێ: ئەو سرووشانە (سروود) بریتین لە هۆنراوەی (گاتاکان)، کە بریتین لە برگەی زۆر، ئەگەرچی ناوبەناو سەروایان نییە، بۆیە دەشێ پەخشانە هۆنراوەیان پێ بوترێ»(٢٠).

کەواتە هۆنراوەی ئازاد لە سەردەمی (زەردەشت)دا بە گوێرەی ئەو ڕایەی (د.هەورامانی) هەبووە، چونکە هۆنراوەی سەربەست، هەندێک جار دەچێتە خانەی پەخشانە هۆنراوەوە، زۆرجاریش بە هەڵە ڕاڤەی وشەی سیاچەمانە و گۆرانی دەکەن، ئەوانەی لە هەورامانـدا سیاچەمانە دەچڕن هەموو جۆرەکانی گۆرانییش فرە بە سانایی دەڵێن.

«ئاوازی گۆرانی، یان ئاوازی ئاهەنگ (لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری، یان با بڵێین ناوچەکانی سۆران، هەورامان و ئەردەڵان و کرماشان)، گۆرانی دەوترێ، کە بەرانبەر ئەم وشەیە لە ناوچەکانی بادینان و باکووری کوردستان-دا وشەی (ستران)ە (٢١).

لە ڕووی زمانناسی وشەی گۆرانی، یان ستران جیاوازە، لە وشەی سیاچەمانەدا، وشەی سیاچەمانە سروودی ئایینی زەردەشتین، بەڵام وشەی گۆرانی، یان ستران، پەیوەستن بە دابونەریتی ناو کۆمەڵگە، بۆ نموونە هەورامان زۆرجۆرە گۆرانی هەیە، وەک گۆرانی گزی بارەکڵە، گۆرانی گوێز تەکاندن، گۆرانی بووک گواستنەوە، گۆرانی خەتەنەسووران، هەروەها گۆرانی چەمەریش، کە ئەمیش دوو جۆری هەیە. ١- گۆرانی چەمەری شادی. ٢- گۆرانی شین و شەپۆر، ئەمەو چەندان جۆری گۆرانی چەپڵەڕێزان هەن، کەواتە قوتابخانەکانی گۆرانی لە هەورامان زۆرن، قوتابخانەی ئاواز و گۆرانی بووک گواستنەوە، قوتابخانەی ئاوازە گوشییەکان، ئاوازی دەرەیی. ئاوازی شێخانە، ئەم جۆرە قوتابخانانە بە شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ ئاوازەکانیان دەوترێن، بە تایبەتی شیعری برگەیی، یان کێشی خۆماڵی کە لە سەردەمی (گاتا-کان)ەوە تا ئەمڕۆ هەر بە نەمری ماونەتەوە، بەڵام (گاتا-کان) تەنیا بە سروودی سیاچەمانە واچ بوون کە ئێستا بە شیعری شاعیرانیش دەوترێت سیاچەمانە، ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە سروودی گاتاکان گۆرانی چڕان زۆریان لەبەریان نییە، بۆیە هانایان بۆ شاعیران بردووە، وەک سەیدی-مەولەوی، خاڵەی کۆماسی، گۆران، مەلای جەبار...تاد.

لە هەورامانەوە بەرەو دەڤەرە جیاجیاکانی، چەندان ئاواز و گۆرانی پێشوازی لەو لێکۆڵەرەوانە دەکات، کە تا ئێستا سەردانی هەورامانیان نەکردووە. گۆرانی و موزیکی هەورامان چەندان سەدە و داژە چاوەڕوانی دڵسۆزان دەکات، شیعری- گاتاکان و گۆرانی دەرەیی و سیاجامەکان هاوار هاواریانە بۆ ئەو کەسانەی کە خامەی ڕەنگینیان بۆ ئەو مەبەستە دەخەنەکار، خۆ ئاوازی (گەردوون چی بکەم) سەردەمی یەزن، یەزنی ئاهورایی دەهێنێتەوە یادمان، شاعیرانمان بە پەنجەی نەمریان توانییان شیعری خۆماڵی لە زێد و باپیرانی خۆیان تا ئەمڕۆ هەر شۆڕەسواری فەرهەنگی ڕەسەنی هونەری نەمرمان بوون، «ئەگەر بچینە هەورامان دەبینین ڕیتم زۆرە، لە هەندێک ناوچەش مەقام زۆرە، ئەگەر بچینە هەورامان دەبینین سیاچەمانە چەندان جۆری هەیە..»(٢٢) هونەر و فەرهەنگی وڵات زۆر دەوڵەمەندە، بۆیە ڕوو لە هەر ناوچەیەکی وڵات بکەین، ئەوە وەک خەرمانی هاوینە خەرمان بە پیت و بەرەکەتە، هەرچەندە چەندان جار ئاماژەم بەوە داوە گۆرانی جیاوازە لە سیاچەمانە، ئەو هونەرە جوانە کە لە هەوراماندا هەیە، ئەوەش وای کردووە، کە ئەو دەڤەرە دەوڵەمەندترین دەڤەری کوردستان بێت.

«دەتوانم ئەوەی ئێران لە مەقامدا زۆر خۆی پێوە هەڵدەکێشێت، زۆرتر کورد خاوەنیەتی، بە بەڵگەی ئەوەی ساسانییەکان لە دوو عەشیرەتی شوانکارە و بازرگان، یان باز ڕەنگین بوون کە لەو سەردەمەدا ئەمانە کورد بوون، حکوومەتی ئەوکاتەی ئێرانییان بەدەست بووە و دوو پایتەختیان هەبووە، تیسمون و بێستوون، لەو سەردەمەدا زۆر شت ڕوون کراوەتەوە کە هی کوردە، بۆ

نموونە (نەکیسا) یەکێک بووە لە بەیتبێژەکانی ئەو سەردەمە...» (٢٣). [نەکیسا، بارەبود، باوشاد، ڕامتین، گۆسانەکان] گیانی گاتاکانیان بە زیندوویی بۆ ئێمە لەژێر تەپوتۆز سەرلەنوێ تۆمارکردەوە، ئەوانە بە هەورامانی بەیت و سیاچەمانە و هۆرەیان چڕیوە، ئێستاش ئەو هونەرە هەر بە زیندوویی ڕادەستی [یووسف ئاسکە و عوسمان کێمنەیی و حەمە حسێن و شەفیع کێمنە و لالۆ حەمە ڕووشی گوڵپی و چەندانی تر کردەوە.]

«گۆرانەکان لە ناوچەی دالەهۆ و زنجیرە کێوی زاگرۆسن و لە سەرچاوەی ئەلوەندا دەژین، لە دالەهۆ ئامێرێکیان هەیە بەناوی (تەمبوور)، یان (تەمموورە)، تەمموورە دوو شێوە مەقامی پێ دەلێن، بەشێکی (حەقانی) و بەشێکی (مەجازی)، ئەمانەش دەبن بە حەفتا و دوو مەقامی گۆرانی»، (٢٤).

دالەهۆ بنەکاری، شوێنی (گۆران)ەکانە، ئەمانەش بەشێکن لە قەڵەخانییەکان، سروودی پارسان زۆر بەباشی دەزانن، شارەزایی تەواویان لە ئایینی زەردەشت هەیە، حەفتا و دوو جۆر ئاوازی یارسانی دەزانن، کاتێک ئەو ئاوازانە دەلێن، وەک بازنەیەک هەموویان ئامێری تەمبوور دەژەنن و ئاوازی یارسانی بە شیعری بڕگەیی خۆماڵی ئەو ئاوازانە دەسازێنن، حەفتا و دوو مەقام، حەفتا و دوو پیری سوڵتان سەهاکن، کە لە کاتی جەمدا ئەو هەموو سروودانە بە ڕاستیودروستی، بەبێ باکانە دەژەنن و خێروخۆشی سەرتاپای ناوچەی گۆران دەگرێتەوە. «ساسانییەکان لە هاوینەهەواری خۆیان لە ناوچەی (ڕێژاو)، یان (زەردە) زۆر حەزیان لە هونەر کردووە و لە دەرباری ساسانییەکاندا ژەنیار و گۆرانیبێژ و مەقامبێژی وەک: (بارەبوو) و (نەکیسا) و (ڕامکین) ژیاون، بە تایبەتی خەسرەو پەروێزیش لەوکاتەدا زۆر حەزی لەو ئاوازانە کردووە کە دایانناوە، بە تایبەت ئاوازێک کە بارەبوو دروستی کردووە و زۆر حەزی لێ کردووە لەناو گۆراندا هێشتا لە حەفتا و دوو مەقام بەناوی (بارینە) ماوەتەوە، سینە بە سینە هاتووە». (٢٥). بێ گومان ئەو ئاوازانە هونەرمەندان (بارەبود) (نەکیسا) و (ڕامکین) و (ڕامتین) ئەو مەقامانەیان فرە بە جوانی گوتووە، یان چڕیوە، بە تایبەتی لە بۆنە ئایینییەکانی یارسانەکاندا، چەندان جار ئاماژەم بەوە داوە هەموو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەو یارسانانە بە هەورامی گوتراوە. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو دەڤەرەی کە گۆران نشینن، هەر بە هەورامی شیعر و ئاواز و گۆرانیان دەلێن.

ئەو ڕاز و چیرۆک و داستانانە پێش هەشتا ساڵێک لەمەوبەر هەموویان بە هەورامی نووسراونەتەوە، بۆ نموونە داستانی (شێخی سەنعان) کە پێنج سەد دێڕە شیعرە، باسی خۆشەویستی کچە فەلەیەک دەکات، ئەم چیرۆکە، یان ئەم داستانە، ئێستاش هونەرمەندانی هەورامان بە ئاوازی زۆر پوخت دەیکەنە ئاواز و گۆرانی فرە بە سانایی دەیلێن بەم شێوەیە:

**بواچوو تەعریف سەنعانی گومرا**
**جە گومراهیی وێش، چون بەرشی جەرا**
**چل ساڵ بێ سەنعان، جە قاپی حەرەم**
**عیبادەت مەکەرد، بەبێ زیاد و کەم**
**چەنی چوارسەد موریدی سەرمەست**
**لا قەید و بێ باک، ڕاگەی هەق پەرست**
**ڕۆیێ نیشتەبێ، نەسەر جادەت**
**واتش: کێ کەردن چون من عیبادەت!**
**جە مەغروورییی ویش فەخرش کەردەوە**
**شیشەی بەدنامیش، داوە بەردەوە**
**شیی نەجامەی خاب، چون هەردە جاران**
**دیش نەخاب دا، چەنی گشت یاران**
**ڕاگەی شاری ڕۆم گرتەنش نەوەر**
**بە سۆز مەگێلۆ، پەی دییەن دولبەر**
**ناگا، جە دەم دا، نیگا کەردجە دوور**
**تەنیا گونبەدێ، چون شەمعی کافوور!**
**بشین، وەبابۆس، قیبلەی وەرینم!**
**شای نۆبەر نەمام، شۆخی شیرینم...»** (٢٦)

نیشانە و بەڵگەی زیندوویی ئەدەب و فەرهەنگی هەورامان ئەوەمان نیشان دەدات، کە ئەو ئەدەبە خزمەتی میللەتێکی مەزلوومی کردووە، بۆیە هەتا ئێستاش هەر ماوەتەوە، چونکە سەرچاوەی لە دەرەوەی سنووری خۆی وەرنەگرتووە، ئەوەتا ئاوازی (بادە، بادە) لەسەر ڕێوڕەسمی ئاریانشاچەکان دەڕوات، هەروەها میراتگریی لە نەوەیەکی دیکەوە بۆ نەماوەتەوە، بەڵکو هەردەم هونەر

و ئاواز و گۆرانی خانەخوێی هەورامانی سەرکەشە.

«یەکێکی تر لەو داستانانە، کە کراوە بە ئاواز و گۆرانی، ئەویش داستانی (حەیدەر و سنۆبەر)ـە، لەم داستانە، زبانی شاعیر زۆر پاراوە و بە تەواوی بەسەریدا زاڵە و وێنەی ڕازاوەی ڕۆمـــانسی و دڵداری هەست جووڵێنەر نیشان دەدات.

داستانی حەیدەر و سنۆبەر

**شەهەنشای بێ باک، شەهەنشای بێ باک**
**ئەڵڵای لا شەریک شەهەنشای بێ باک**
**فەردی فەریادڕەس زاتی تەنیای تاک**
**با عیسی ئیجاد، عەرز و ڕووی ئەفلاک....**
**بێ خورد و بێ خاب، بێ ڕوو، بێ فەرزەند**
**قودرەت نمای دەور، نەتاق بەخشابەند**
**قادری کردار، کەس حەیی نەکەردە**
**ئاگاه جە ئەسرار پشت و ڕووی پەردە...»** (٢٧).

داستانەکە بۆ ئاوازی لاواندنەوە، فرە بە باشی بۆی لواوە، هەروەها ئەم داستانە خۆی لە هەزار و پێنج سەد دێڕ دەدات، کەواتە هونەری گۆرانی هەتا بە شێوەی داستانی بوترێ، ئەوە واتا و بیروهزری فەلسەفەی هونەر زیاتر دەکات، هەموو کاتێک داستان دەبێ کەسێک، یان ئاخێوەری هەبێت چ بە چاکە، یان خراپە نێوانی دوو دڵدار باس بکات، ئەم چەند بەیتە بۆ ئەو ئاوازانە زیاتر دەلوێ کە ئاماژەم پێ داون.

سەرتاپای وڵاتی ئاریانشاچەکان پڕە لەم جۆرە داستانانە، کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نیوەی ئەو دەستنووس و هێڵکارییانە ساغ نەکراونەتەوە، خۆ ناشکوری نەبێ ئێمە نووسەر و لێکۆڵەرەوەمان زۆر زۆرە، ئیدی بۆچی ئەم ئەدەب و هونەرەی وڵات بێ خانە و لانەن، تا کەی چاوەڕوانی ئەم و ئەو بکات؟ زۆر هونەرمەندمان هەن کە گۆرانی دەڵێن وەک چۆن حەیرانبێژ حەیران دەچڕێت، ئەوەتا (نزار ئەمین) و (خالید بەڵخەیی)، ئەمەی دواییان کاتێک گۆرانی دەڵێت، یەکسەر بەشێوەی داستانی ئاوازەکان دەچڕی و (٣٧) ئاوازی بەرزە چڕی سیاجامەکانی لەبەرە، بەڵام تا ئێستا و کەس ئاوڕی لەم هونەرمەندە نەداوەتەوە.

کەواتە: ئەو هونەرمەندانەی کە لە هەوراماندا هەن و هەبوون، هەموویان ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە، کە ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی خۆیان بڵێن؛ هەر ئەوەش وای کردووە، هونەر بە زیندوویی، وەچە بۆ وەچە نوێیەکان، ئەو هونەرە ڕادەستی یەکتری بکەن، ڕاژەی بەرزی ئەو ئاواز و سروودگەلی موزیکییە، بەشێوازی زۆر نایاب توانیویانە پەخشی بکەن، هەروەها داستانەکانیان بەدەنگی ڕەسەنی خۆیان ڕاژەگوزارانە فەراهەمی بکەن و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو کاروانی جیهانی، ئەو ئاوازگەلە پەرە پێ بدەن، هەرچەندە چەندان جار ئاماژەم بەوە داوە هەر هونەرمەندێک سیاچەمانە نەزانێ، گۆرانیبێژ نییە، هەر هونەرمەندێکیش سیاچەمانە بزانێ ئەوە گۆرانیبێژی ڕاستەقینەیە.

بۆچی پێویستە هونەرمەند سیاچەمانە بزانێت؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئاوازە بەرزە چڕانە کە پێیان دەڵێن سروودی ئایینی و موگانی ئایینی لەسەردەمی (زەردەشت)دا ئەو ئاوازە بەرزە چڕانەیان بە شیعری گاتاکان چڕاندووە، بۆیە پێویستە هونەرمەندی گۆرانیبێژ، چەند سیاچەمانەیەک بزانێت و بتوانێت بیانچڕێت؛ ناوی هەندێک لەو سیاچەمانە چڕانە وەک: عوسمان کێمنەیی، جەمیل نەوسوودی، حەمە حسێن کێمنەیی، شەفیع کێمنەیی، عەلی گوڵپی، نزار ئەمین، خالید بەڵخەیی، عوسمان خالد بەڵخەیی، جیهان بەخشی نەوسوودی، یەعقوب سۆسەکانەیی، فەرزادی ئەمینی.... ئەحمەدی نازری کۆچکردوو، ئەلیلەی نەوسوودی کۆچکردووە حاجی حسەینی نارنجڵەیی کۆچکردوو، لالو حەمەڕووشی گوڵوپی، فەتحوڵڵای ئەمینی، حەمەخان سۆسەکانەیی، لالۆ شەفیعی ساڵحەی سۆسەکانەیی، ئەمە و چەندانی تر لە زیندووان و کۆچکردووان کە دەنگیان تۆمار نەکراوە. هەڵبەتە سیاچەمانە، خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێک سیاچەمانە چڕ، سیاچەمانە دەچڕێت و دەست پێ دەکات، بەیتێکی شیعریی نیوەی یەکەمی سیاچەمانەچڕێک دەیچڕێت، بەیتی، یان نیوەی دووەمی بەیتەکە سیاچەمانەچڕێکی تر تەواوی دەکات وەک «ئاقۆم ساڵێوتەر دەوران و کێ بۆ سیاچەمانە چڕی یەکەم کێ نیشو؟ وەشاوکی ڕەنجەڕۆ بۆ (٢٨) «فۆلکلۆری هەورامان، دەستنووسێکی چاپ نەکراوە، نووسین و کۆکردنەوەی لەلایەن (دارا هەورامانی)یەوە».

ئەمەش چەمی سیاچەمانەکەیە، بەم جۆرە:

**«ئاخۆم ساڵێوتەر دەوران و کێ بۆگیانم لەی**
**کێ نیشۆ وەشاد؟ کێ ڕەنجەڕۆ بۆ؟ گیانم لەی**
**ئانا وەهارا کەش و کۆ ڕەنگین گیانم لەی**
**دڵەکەی عالەم شاد، دڵەکەو من غەمگین گیانم لەی**
**ئا قولەبانە شیرین وەرمت بۆ گیانم لەی**
**لێفەکەی لادە نەکای گەرمت بۆ گیانم لەی**
**ئاقولەبانە بدیەرە واری گیانم لەی**
**چێشت سەر ئامان خانمە هەواری گیانم لەی**
**ئانا ئامێوە، هەردووێ هەرواڵن، گیانم لەی**
**یوەشا و لیەنە، یوەشا گۆراڵی گیانم لەی**
**ئاسەر زەمینە تۆ کەردەن گوزەر گیانم لەی**
**تازیەبا را پەیت، ئارجە من یەڤەر گیانم لەی**
**ئاباخچە و دەرە پۆشانشی سەوزی گیانم لەی**
**یاخوا نەوینی هەرگیز ناوەشی گیانم لەی» (٢٩).**

ئەو حەوت دێڕە، یان ئەم حەوت بەیتە شیعرییە فۆلکلۆرییەی هەورامان، بەشێوەی داستانی بۆ سیاچەمانەی (ئای، ئای) فرە بەباشی بۆی لواوە، ئەو هونەرمەندە سیاچەمانە چڕانە، کە ئەم ئاوازە بەرزە دەچڕن هەروەکو ئاماژەم پێ دا، ئاواش چەند سیاچەمانە چڕێکی تر، دەتوانن ئەدای بکەن و شیعرەکانی بە باشی (بڕگە و وشە و ڕستە) ئەو سێ کوچکەیە، بە ڕاستیودروستی دەرببڕن بەبێ ئەوەی بەینی ئاوازەکە و شیعر و ڕوخسار و ناوەڕۆکی تێک بچێت.

بۆچی زیاتر لەسەر ئاوازی سیاچەمانە دەکۆڵمەوە؟ چونکە هەم ئاواز، هەم شیعر لە زێدزادەی هەورامان ئەو سرووده ئاییینیانە چڕاونەتەوە، یان نووسراونەتەوە، بەڵام سیاچەمانەی ئێستا بە شیعری شاعیران دەوترێت، بۆیە لە رووی ڕوخسارەوە ئاوازەکان، تەنیا شیعرەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەگینا لە ناوەڕۆکەوە سیاچەمانە هەر سیاچەمانەی زەردەشتییە کە موگانی ئاییینی چڕیویانەتەوە، بۆیە پیرۆزیی ئاوازەکان لەناو هەوراماندا هەروەک خۆی ماوەتەوە و زیاتریش، خەڵکی هەورامان هەست و نەستیان بە ئاوازەکان ئاسوودەیە.

«کەواتە یەسنا و گاتاکان، کە بە موزیک، یان لە شێوەی سروودی ئاییینی دەگوترانەوە، یادگاری ئەو نوێژ و بانگە مەزهەبیانەی سەردەمی زەردەشتین، کە زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە، سیاچەمانە و هۆرەی هەورامان، هەروەها سروودی یارسانی ئەهلی حەق، بە هەمان شێوە موزیک و گۆرانی ئێزیدییەکانیش لە کاتی زیکر و کۆڕەکانیاندا لە مۆسیقای زەردەشتی و ئاییینی زەردەشتەوە هاتوون( ٣٠).

بێ گومان هەموو ئاوازە بەرزەچڕەکانی هەورامان سەرچاوەیان بۆ ئاییینی زەردەشت ئارام و قەراری گرتووە، چونکە هەموو ئاییینەکان چ زەمینی، چ ئاسمانی ئاواز و سروودی تایبەتی خۆیان هەیە.

گاتاکان؛ هەر هەموویان کەلامی، یان هەڤپەیڤینی، یان ئاخێوەری زەردەشتە، هەریەکە لەو سروودانە پەند و ئامۆژگاری ورد و پڕ بەها بەو ئاییینە دەدەن، بۆیە ئەو میللەتانەی ئەو جۆرە سروودانەیان هەبێت، هەرگیز لەناو ناچن، ئەگەرچی تێپەڕبوونی کاتیش لە بەرژەوەندیدا نەبێت.

«نیشانەیەکی تری سەلماندنی ئەوەی کە موزیک و گۆرانیی زەمانی زەردەشت تا دەگاتە زەمانی ئەهلی حەق و ئێزیدییەکانیش لە مەزهەب و هەستی ئاییینییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەوەیە کە دەبینین موزیک و گۆرانی (لە گەلێک شوێن و حاڵەتدا) بەشێوەیەکی پێکەوەیی و دەستەجەمعی گوتراون و ژەنراون (هەموویان پێکەوە، وەک کۆراڵێک) نەک تاکەواز و بە تەنیا، لەلایەن تاقە گۆرانیبێژێکەوە وەک ئەمڕۆ دەیبینین. زۆر لەو وێنانەی لە نیگارکێشە ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەدەکانی حەڤدەم تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم بەدەستمان گەیشتوون، ئەوە نیشان دەدەن کە گۆرانی و موزیک (بە پێچەوانەی دۆخی ترۆبادرەکانی ئەورووپا) بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی گوتراون؛ لە شێوەی تقوس و ژەنین و چڕینێکی پێکەوەییدا، وەک ئەوەی هەموویان پێکەوە لە پەرستگایەکدا بن پێکەوە نوێژ بکەن.

هیرۆدۆت بەڵگەیەکی تریش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەهێنێتەوە؛ لە بارەی پێشکەشکردنی «قوربانی» لەلایەن میدیاییەکانەوە بۆ خواوەندەکانیان دەڵێت: مووغەکان خۆیان سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی ئەم قوربانییانەیان دەکرد» (٣١).

پیرۆزی موزیک، سروود، شیعری گاتەکان و مووغەکان بەڵگەیەکی زیندووی میللەتی ئاریانشاچەکانە، کە ئەو ئاریانشاچانە لە ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، ئێستا

بەو شوێنە دەڵێن دەڤەرەکانی هەورامانات، لە ئایینی زەردەشتیدا موزیک بەها و شکۆمەندی خۆی هەیە، بە پێچەوانەی دینەکانی دیکە، هەروەها پێوەندی دین و موزیک لەم ئایینەدا زۆر پیرۆز بووە، لە شەڕ و ئاژاوە و کوشت و کوشتار دوور بووە، بەڵکو لەم ئایینەدا بیری بەهەشت و هەنگوین و خۆشەویستییە بۆ پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی.

«ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەوە دەگێڕنەوە، کە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکانی ئەهلی حەق، پێش دەست پێکردن بە ژەنینی مۆسیقا و چڕینی گۆرانی، دەچوون دەف و تەمبوور و بلوێرەکانی خۆیان ماچ دەکرد، ئەوجا دەکەوتنە ژەنین» (٣٢).

ئەمە کورتەیەکی، یان بیروبۆچوونی ئەو نووسەرانە بوو کە لەسەر موزیکی هەورامانیان نووسیوە، هەڵبەتە نووسەری دیکە هەن لەم بارەیەوە قەڵەمیان بەکارخستووە، بەڵام هەریەکەیان بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە هەیە. ئەگەر ئێمەی نووسەر، یان موزیکژەن کەمێک ئاوڕ لە ڕابوردووی دێرینی خۆمان بدەینەوە، ئەوە ئەوکاتە داهاتوومان وەک دەفتەری نووسراوەی لەبار، مێژوو و داڕژی داهاتوومان ڕۆشن دەبێتەوە.

**«ئاهم جەقویەی گەردوون و یەردەن**
**عەجەبا جەلام گوزەرنە کەردەن»** (٣٣)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٨٢).**

**١٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٨٣).**

**١٧- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گۆڤاری «ڕامان»، ژمارە (٧٦)، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٢) زایینی، لاپەڕە (١٠٨).**

**١٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٠٩).**

**١٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٠٩).**

**٢٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٠٩).**

**٢١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١١٠).**

**٢٢- ناسری ڕەزازی، چاوپێکەوتن، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٨٢)، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٤) زایینی، لاپەڕە (٧٢).**

**٢٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٣).**

**٢٤- یەدوڵڵای ڕەحمانی، چاوپێکەوتن، گۆڤاری «ڕامان»، ژمارە (١٣٤)، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٨) زایینی، لاپەڕە (٦٤).**

**٢٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٦٥).**

**٢٦- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزاری هەورامان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٤) زایینی، لاپەڕە (٩).**

**٢٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٤٠).**

**٢٨- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەستخەت، چاپ نەکراوە.**

**٢٩- هەمان سەرچاوە.**

**٣٠- د. فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٠) زایینی، لاپەڕە (١٢).**

**٣١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢).**

**٣٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٦).**

**٣٣- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، دەستخەت، چاپ نەکراوە.**